
دڵکەش قادر

# نوێژی شەو

لە نوێژی مەغریبی ئەمڕۆمدا
نزام کرد
جێنزرگەی خەیاڵ و ژوانم
ڕووەو ڕۆژئاوا بێ
ڕووەو نیگای تۆ بێ.

دوێ ئێوارێ
خەیاڵم لای ئەو ڤۆیسە بوو
کە لە نوێژی عەسردا دەستنوێژی شکاندم.

سەرمخستە سەر باڵی چەپی
قژی ئاڵۆسکاوم
شانە دەکەم و
دڵی تەژی دەکەم لە خۆم
خۆم دەکەم بە شاباڵی نوێژی شەو.

دوێ بەیانی
کە هەڵسام
چاوی خەیاڵی تۆ لەسەر سینەم کایەی دەکرد و
هەڵیدەگلۆفیم.

هەموو نوێژەکانم دەڕژێنە نێو
پێکی تەنیاییتەوە
خۆم لە ڕقی ئەو نەوڕەسانە دادەبڕم کە شەوان دەڕژێنە نێو عەتری
جەنگ.

عەتری تۆ کایەکردنی منداڵی منە لەسەر خیابانێ
کە دەچێتەوە نێو دڵی سلێمانیی و
گۆیژە دەکاتە جوانترین بووکی سپیپۆشی دنیای زستان.

عەتری نوێژ و
عەتری من دوانەیەکی دانەبڕاون لە نیگای تۆ
نیگای تۆ نوێژی نیوەی شەوە لە گریانی منداڵی.

تۆ خوناوی سەر گوڵەگەنمی گیانمی
ئیحساسم تژی دەکەی لە سروەی بەیان.

سلێمانیی
دڵکەش قادر